# کەی تاکەکانی نەتەوە سەردەستەکان داوای بووردن لە کورد دەکەن؟!

شالاوی قڕکردن و لەنێوبردنی کوردستانیان لەلایەن فەرمانڕەوایانی داگیرکارەوە مێژینەیەکی ترسناکی هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ یەک لە دەستەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی ئەو نەتەوانە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە ڕەشەکوژی دژ بە کوردان پەسند بکەن و داوای بووردن بکەن و خۆیان لەو بەرپرسیارێتیە دەرباز بکەن.

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و هاتنە سەرکاری حکومەتی نیشتمانی (وەک هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەڵێن!!) هەرچەندە کە پەرلەمانی عێرق شالاوی ئەنفالکردنی کوردانی بە جینۆساید ناساندووە، بەڵام نە پەرلەمان و نە سەرۆکایەتی حکومەت و نە سەرکردەی هێزە سیاسیەکان ئامادە نەبوونە داوای بووردن لە نەتەوەی کورد بکەن، ناشزانرێ کە ئایا لە داهاتوودا کێ تەلسمی ترس دەشکێنێ، بوێری دەنوێنێ و لە جیاتی فەرمانڕەوایانی پێشوو داوای بووردن لە کوردو بنەماڵەی قوربانیەکان دەکات!

ئەگەر نەبێتە زێدەڕۆیی، دەتوانین بڵێین کە زۆربەی دەستەڵاتدارانی نەتەوە سەردەست و داگیرکارەکان شەڕی جینۆسایدیان لەبەرانبەر کوردستانیاندا بەڕێوە بردووە. بەتایبەتیش دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و پێکهێنانی کۆماری تورکیا، فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتە زۆر دڕندانە شەڕی قڕکردنیان لەبەرانبەر کورد بەڕێوە برد کە تا ئەمڕۆکەش کەس ئاوڕی لێ نەداونەتەوە. ئێستا کە بەشێک لە وڵاتانی جیهان لە ژێر کاریگەری و گوشاری ڕەوەندی ئەرمەنی لە جیهاندا جینۆسایدی دژ بە ئەرمەنیەکان کە لەلایەن سوپای عوسمانلیەوە ئەنجام درابوو، پەسند دەکەن، هەندێک ڕۆشنبیری تورکیش بوێری دەنوێنن و ئەو ڕەشەکوژیەی کە ساڵی١٩١٥ دژ بە ئەرمەنیەکان ڕوویداوە پەسند دەکەن و لە جیاتی نەتەوەکەیان داوای بووردن لە نەتەوەی ئەرمەنی دەکەن.



یطسا ڕۆشنبیرانی تورک بە پێشەنگایەتی پرۆفیسۆر ئەحمەد ئینسالم پرۆفیسۆر باسکین ئۆرهان، دکتۆر جەنگیز ئەکتار و ڕۆژنامەوانان عەلی بەیرام ئۆغلۆ کەمپینێکیان دەست پێکردووە، دەیانەوێ ویژانی خۆیان ئاسوودە بکەن و داوای بووردن لە نەتەوەی ئەرمەن بکەن.

کەمپینەکە لەژێر ناوی : 'من عوزری خۆم دەخوازم' هەنگاوی بۆ هەڵگیراوەتەوە. دەقی کەمپینەکەش بەم شێوەیەیە:

' ویژدانم، فەلاکەتی ساڵی١٩٥١ کە لەلایەنی عوسمانلیەوە بەسەر ئەرمەنیا هات و نکۆڵی لێکردنیان پەسند ناکات، من لەسەر ناوی خۆمەوە هەستی برایەتی خۆم و ئەرمەنی پارڤەدەکەم و داوای بووردنیان لێدەکەم'

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم کەمپینە نا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێ، دواتر لە نیسانی داهاتوودا وەک بەڵگەنامەیەک پێشکەش بە ڕۆشنبیرو دەستەڵاتدارانی ئەرمەنی دەکرێ.

هەرچەندە کە ئەمە کارێکی بچووکە، بەڵام دیسانیشەوە گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات کە سەربازانی عوسمانلی لە ساڵی ١٩١٥دا شەڕی جینۆسایدیان دژ بە نەتەوەی ئەرمەنی پیرۆکردووە، جا ئەگەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستانیش پێشنیارێکی لەو بابەتە پێشکەش بە ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی سەردەست بکەن و لێیان بخوازن کە شەڕی کورد قڕان کە دەستەڵاتدارانی پێشوو دژ بە کورد ئەنجامیان داوە پەسند بکەن و داوای بووردن لە نەتەوەی کورد بکەن، لەوانەیە دۆزی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەڕوات.

سەردەمی جیهانگیری ئەگەر وەکو خۆی سوودی لێوەربگیرێ لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر ئەم چەرخەش بسوڕێتەوە، هێزە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرانی کوردستان نەتوانن شوێنپەنجەی ئەرێنی لەسەر ڕووداوەکان جێبهێڵن، لەوانەیە نەوەکانی داهاتوو لێمان ڕازی نابن و سەرکۆنەمان دەکەن.

ئێستا ڕەوشی دۆزی کوردستان لە قۆناغێکی گەشەکردوو دایە، هەرچەندە وەکو پێویست خەبات بۆ ڕزگاری نیشتمانی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەسەرپێ نەکەوتووە، بەڵام سیاسەتمەدارانی کورد بەتایبەتیش لە عێراق دا پۆستی باڵایان وەرگرتووە، پشکی بەرچاویان لە فەرمانڕەوایی دا هەیە، بەوهۆیەشەوە دەتوانن گو شار لە حکومەتی ناوەندی بکەن تا لەپای شەڕی کوردقڕان کە ڕژێمی بەعس دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامی داوە، داوای بووردن لە کورد بکەن و قەرەبوویان بکەنەوە.

قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی سەردەمی دەستەڵاتی بەعس تەنیا بەوە سارێژ نابێ کە ڕاگوێزراوان دە ملیۆن دیناری چاپی بریمەریان پێ بدرێ، بەڵکو بەوە بەرەو سارێژبوون دەڕوات کە سەرانی دەوڵەتی عێراق بە فەرمی ئەو کوردقڕانە لە ئەستۆ بگرن و بە فەرمیش داوای بووردن لە نەتەوەی کوردو زیان لێکەوتووان بکەن.

بێگومان ویژدانی زیندووی هەر ڕۆشنبیرێکی عەرەبی عێراق پەی بەو ڕاستیە دەبات کە ڕژێمی بەعس شەڕی کورد قڕانی پیرۆکردووە، شالاوی ئەنفالکردنی کوردستانیانی بەڕێوەبردووە، بە چەکی کیمیاویی گوندو شارەکانی باشووری



کوردستانی ژەهر باران کردووە، ئەی باشە بۆچی بوێری نانوێنن و وەکو ڕۆشنبیرانی تورک کەمپین پێکناهێنن و داوای بووردن لە نەتەوەی کورد ناکەن؟!

ئەگەر دەستەڵاتدارانی بەغداد یان ڕۆشنبیرانی عەرەب خۆیان لەو تاوانە بێبەری بکەن و داوای بووردن نەکەن، بەشێک لە تاوانەکەیان وەئەستۆ دەکەوێ، بەڵام ئەگەر ویژدانی خۆیا ئاسودە بکەن، ڕاشکاوانە تاوانەکانی بەعس بە جینۆساید بناسێنن و وەک مرۆڤێکی خاوەن ویژدان داوای بووردن لە کورد بکەن، هەرچەندە قوربانیەکان ناگەڕێنەوە، بەڵام خۆیان لە تاوانەکە دەرباز دەکەن و مێژووش بەسەرفرازی بۆیان دەنووسێتەوە.

ناوەندی چاک وەک ڕێکخراوێکی بەرپرسیار لەبەرانبەر ڕێگەگرتن لە ئەنڤالکردنی کوردان توانیویەتی هەنگاوی شێلگیرانە هەڵبگرێتەوە، سۆزی سیاسەتمەدارانی بەشێک لە پارتە سیاسیەکانی ئەوروپا بەلای دۆزی ئەنفال و قوربانیانی هەڵەبجە ڕابکێشێ، کاریش بۆ ئەوە دەکات تا لە ڕێگەی ئەو دۆستانەوە، پەرلەمان و حکومەتەکانی ئەوروپا شالاوی ئەنفالکردن و ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجەو گوندەکانی کوردستان وەک جینۆساید بناسێ و هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کورددا بکات، بەڵام دەکرێ خەباتێکی هاوشێوە لەگەڵ ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی عەرەبی دەست پێبکرێ، داوایان لێبکرێ کە کەمپینێک پێکبهێنن و بە ناوی خۆیانەوە پاکانە لە سەرکردە تاوانبارەکان بکەن و وەک تاکە کەس داوای بووردن لە کورد بکەن.

بێگومان ناوەندی چاک و هێزە سیاسیەکانی کوردستان توانیویانە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی عەرەب لەخۆیان نزیک بکەنەوە، بەڵام ماهیەتی ئەو ڕۆشنبیرانە لە بەڕێوەبردنی کەمپینێکی لەو بابەتەدا وەدیار دەکەوێ.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستانی یەکتر ناسین و پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە هاو پیشەکانی خۆیان دروست بکەن، بەتایبەتیش ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هەن و ئامادەشن کە ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجام دراون بە جینۆساید بناسێنن.

ئەگەر جاران گرفت و ئاستەنگی جۆراوجۆر لەبەردەم گەیاندنی ئەو دیکۆمێنتانەدا هەبوو، ئەوە ئێستا دیکۆمێنتەکان بۆ خۆیان لە دەرگەی جیهانیان دەدەن، کام ڕێکخراوی مافی مرۆڤی وڵاتان هەیە کە وێنەی قوربانیەکانی ژەهربارانکراوانی هەڵەبجەی نەدیبێ؟! کام ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ هەن کە زانیاریان لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان نەبێ؟! کام مرۆڤی ئازادیخوازی جیهان هەیە کە هەواڵی ئەو تاوانانەی نەبیستبێ کە دەستەڵاتدارانی تورکیاو عێراق وئێران دژ بە کورد ئەنجامیان داوان؟!

کرۆکی مەبەست ئەوەیە ئایا کەی دەستەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەست ویژدانیان دەجوڵێ و لە جیاتی نەتەوەکەیان لە پای ئەو تاوانانەی کە درهەق بە کورد ئەنجامیان داوە، داوای بووردن لە نەتەوەی کورد دەکەن ؟!

بۆ ئەوەی دەستەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەی سەردەست ناچار بکەین کە نەفرەت لەو هاورەگەزانەی خۆیان بکەن کە تاوانیان دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجام داوە، دەبێ کەمپین ساز بکەین، کۆنفرانس و کۆنگرەی تایبەت بەڕێوەببرێن و ئەوانیش بانگهێشت بکرێن تا لەبەرانبەر ئازارو مەرگی قوربانیاندا موچڕک بە لەشیان دابێ و شەرم بیانگرێ، ئیتر هەر لەوێ داوایان لێ بکرێ کە ئیمزای خۆیان لەسەر کەمپینەکە دابنێن.

**مەجید محەمەد**

---

# ڕکابەری نێوان ئەمریکاو ئێران بەرەو کوێ مل دەنێ؟!

لەسەردەمی دەستەڵاتی جۆرج دەبلیۆ بووش، کە چل و سێیەمین سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، پێوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران نەک ئاسایی نەبوو، بەڵکو لە ململانێ و ڕکابەری پڕاوپڕ بوو. کاتێک کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد پۆستی سەرکۆماری ئیسلامی ئێرانی وەدەستهێنا، ئیدی دژایەتی ئەمریکاو ئیسرائیل لەبەرانبەر ئێراندا بەرەو ئاستێکی باڵا هەڵکشا، هەڕەشەو تۆمەتبارکردن و شەڕی ڕاگەیاندنی بەرهەمهێنا، زۆرێک لە چاودێران پێیانوابوو کە جۆرج بووش بەرلەوەی ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی بکات، پەلاماری ئێران دەدات و شەڕێکی دیکە هەڵدەگیرسێنێ، بەڵام وا دەرنەچوو، شکستەکانی ئەمریکا لەعێراق و ئەفغانستاندا وای کرد کە واشنتن لەبەرانبەر تاران نەرم بنوێنێ. ویڕای ئەوەی کە دەست تێوەردانی ئێران لە عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرفراوان تر دەبۆوە، کەچی ئەمریکا خوازیار بوو لەلایەن ئێرانەوە هاوکاری بکرێ، بەوهۆیەشەوە دڵنەوایی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەکرد، دەیویست لە تەنگژەو گرفتەکانی عێراقدا کۆمەکی پێ بکات. ڕاستیەکەشی هێزە سیاسیەکانی شیعەی عێراق مەیلداری تەواویان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەمەش وایکردووە کە ئەمریکا نەتوانێ بە ئاسانی گوشارەکانی خۆی لەبەرانبەر ئێراندا دەکار بکات. ئێستا کە جۆرج دەبلیو بووش پاش مانگێکی دیکە ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی دەکات، باراک ئۆباما جێگەی دەگرێتەوە، دەبێ پێوەندی نێوان ئەمریکاو ئێران بەرەو کوێ بڕوات؟!

باراک ئۆباما لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادایە لەعێراق، ئەمەش کتومت لەگەڵ داخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک دەگرێتەوە، بەڵام باراک ئۆباماش نایەوێ ڕەقیبێکی سەرسەخت لە ناوچەکەدا ڕکابەرایەتی لەگەڵ وڵاتەکەیدا بکات، بۆیە وادەخوازێ کە بە زمانی دووفاقە لەبەرانبەر ئێران بدوێ، ئەمەش تای تەرازوی کێشەکان هاوسەنگ دەکات، لەوانەیە ئەمریکا لەو تەگژانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دووچاری هاتووە، دەرباز بکات.

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێک باراک ئۆباماو جۆن مەکین کێبەرکێیان دەکرد، سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاشکاوانە لاگیریان لە باراک ئۆباما دەکرد، کاتێک سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا، دیسانەوە پیرۆزباییان لێکردو هیوایان خواست کە بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندی نێوان ئەمریکاو ئێران کار بکات.

ئەگەر ئەو لاگیریەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئۆباما لەبەرچاو بگرین، دەکرێ بڵێین کە داهاتووی پێوەندی نێوان ئەمریکاو ئێران ڕوو لە گەشەیە، لەوانەیە کۆتایی بەو تاریکیە بهێنێ کە ماوەی٢٩ ساڵە پێیەوە گیرۆدە بووە.

ئێران پێگەیەکی بەهێزی لەناوچەکەدا هەیە، نفوزی زۆری لەنێو شیعەکانی عێراق و لبناندا هەیە، ئەمەش وایکردووە کە ئەمریکا پێوانەی جدی بۆ بکات. ئێران دۆستی ئەمریکا بێ یان ناحەز هەردەبێ پێوانەی تایبەتی بۆ بکرێ، بۆیە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا پێیانوایە کە ڕکابەری کردن لەگەڵ ئێران بە زیانی بەرژەوەندەکانی ئەمریکا تەواو دەبێ، سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران سودمەندو بەکەڵک ترە تا ململانێ و ڕکابەریکردن.

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەهۆی پێداگری کردنی لەسەر وەدەستهێنانی چەکی ناوکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیگەران و هەراسان کردووە، ئەویش بۆ کەم کردنەوەی گوشارەکانی نێودەوڵەتی پێویستی بەوە هەیە کە پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا ئاسایی بکاتەوە، بەڵام بوونی ئیسرائیل لەناوچەکە ئەو ئومێدەی کزو لاواز کردووە. سیاسەتمەدارانی ئیسرائیل پێیانوایە کە دەبێ هەرچی زووترە گورزی کاریگەر لە دامەزراوەکانی ئەتۆمی ئێران بوەشێندرێ، بەڵام ئەم کارە بە بێ هاوکاری ئەمریکا ناکام دەمێنێتەوە.

هەرچۆن سەرکەوتنی باراک ئۆباما ڕەوتی سیاسەتی ئەمریکا دەگۆڕێ و وڵاتەکەش لەم کاتەدا پێویستی پێیەتی، لەهەمان کاتدا لاچوونی مەحمودی ئەحمەدی نەژادو هاتنە سەرکاری کەسێکی وەک سەید محەمەدی خاتەمی کۆمەک بە ئێران دەکات و هەناسەیەکی وەبەر دێنێتەوە، بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا چانسی سەرکەوتنی ئیسلاحخوازن باڵاترە تا کۆنەپارێزەکان. لەو ڕوانگەیەوە گریمانی ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بدوڕێ و کەسێکی وەک خاتەمی یان کەڕوبی جێگەی بگرێتەوە.

سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و پلانداڕێژەرانی کۆشکی سپی حەز بە لاچوونی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد دەکەن، چونکە سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ کەسێکی دیکە ئاسان و لەبارتر دەبێ، بەتایبەتیش کە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بە لێدوانە توندەکانی دژ بە ئیسرائیل ناحەزی زۆری بۆخۆی پەیداکردوە. هەرچی ئیسلاح خوازەکانیشن بە لێدوانی نەرم و سەردەمیانە دەتوانن دەرگە داخراوەکان بکەنەوەو پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی دیکە جیهاندا گەشە پێبدەنەوە.

نەمانی جۆرج بووش و هێرش نەکردنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران هەروەک چاوەڕوان دەکرا بە سەرکەوتن بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران پێوانە دەکرێ، بەوهۆیەشەوە پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیادا بەهێزتر دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا مەحمودی ئەحمەدی نەژاد لابچێ، هاوسەنگی لەنێوان خواست و سیاسەتی ئەمریکاو ئێران پەیدا دەبێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەزگە پەیوەندیدارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیان بە تێکۆشان کردووە، لانی کەم دەیانەوێ سەنگەری نێوەخۆی ئێران لە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بوروژێنن و لاگیری لە کاندیدایێکی دیکەدا بکەن.

ڕکابەری نێوان ئەمریکاو ئێران لە خاڵێک کۆتایی دێ، لەوانەیە ئەو خاڵەش لە سەردەستی باراک ئۆباماو محەمەدی خاتەمی بنەخشێندرێ، ئەگەرچی هێشتا زووە حوکم لە سەر ڕووداوو پێشهاتەکان بدەین، بەڵام لێکدانەوەی ئەم هاوکێشەیە پێویستی بە وردبینی و هۆشیاری زیاتر هەیە، لەلایەکەوە ئەمریکا ڕژێمی سەدام حوسێنی ڕووخاندووەو عێراقی کۆنی هەڵوەشاندۆتەوە کە لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دابووە، لەلایەکی دیەکشەوە هەڵایسانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا لەوانەیە بە زیانی نەتەوەی کورد تەواو ببێ، بۆیە سازانی نێوان ئەمریکاو ئێران تا ڕادەیێکی زۆر لە بەرژەوەندی کوردستان دایە. هەرچی ئەمریکایە بەدوای بەرژەوەندەکانی خۆی وێڵەم هەرچێ کۆماری ئیسلامی ئێرانیشە بە دوای درێژکردنەوەی دەستەڵات و پاوانخوازی ناوچەییدا دەگەڕێ، هەردووکیشیان لەسەر زەوینی کوردستاندا بەرجەستە دەبن. هەم ئەمریکا دەتوانێ لە ڕێگەی کوردستانەوە لەسەر چاڵە نەوتیەکان دابنیشێ، هەمیش کۆماری ئیسلامی ئێران بەهۆی باشووری کوردستانەوە دەتوانێ کێشەو گرفتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. کاتێک بەرژەوەندەکانی ئەو دوولایەنە ناکۆکە لە کوردستاندا یەکانگیر دەبن، دەکرێ بڵێین کە ئەمریکاو ئێران لە داهاتوودا دەسازێن و ململانێی نێوانیان کۆتا دەکەن. بەتایبەتیش سیاسەتمەدارانی ئێران پێشینەی زۆریان لە خوێندنەوەی هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان و گەمە جیهانیەکاندا هەیە.

**سابیر شەوکەت**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com